# جەستە لە ڕوانگەی قوتابخانەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیاوە

د. ئاسۆ ئیبراهیم عبدالله
بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

هێمن باقر عەبدول
بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

**Abstract**

This research work is an attempt to study general lines of body reading in anthropology school in the last century (1884-1984).

This works by focusing on describing and comparing methods.also aims at discovering viewpoints of anthropology schools on body and comparing it to one another.

The researcher has tried to present the main directions in which they have studied body and discussed as anthropology phenomena and then he has compared them to one another.

In sum, the researcher has reached the point that anthropology doesn't look at the body and its movement as a single aspect of biology, but rather it considers it as an anthropology phenomenon that is strongly combined to culture. Each culture builds its own body and body movement structure. Thus, body is part of culture phenomena and is directly linked to culture developments.

The researcher has also reached the point that there are different ideas on culture from anthropology schools, while in nature and criminal anthropology human being are considered as a result of social and cultural developments. They think that building the body of human being is just a mimicked body of the society. The cultural orders also play a great role in creating and building the body. Regarding the religious anthropology, it is thought that religion plays a great role in formalizing the body and controlling its movement.

**الملخص**

هذا البحث محاولة باتجاه تحديد الخطوط العامة لقراءة الجسد من منظور المدارس الانثربولوجية خلال قرن الماضية (١٨٨٤-١٩٨٤) ، باستخدام المنهج الوصفي و المنهج المقارن، بهدف التعرف علي منظور الانثربولوجي للجسد بمختلف مدارسها و اجراء المقارنة فيما بينها..

وقام الباحث بعرض الاتجاهات الرئيسية التي تقوم بدراسة الجسد كضاهرة انثربولوجية و المقارنة بين هذه المدارس المختلفة..

فمن خلال هذا البحث توصل الباحث الى ان الانثربولوجيا لا ترى الجسد و حركات الجسدية كظاهرة بايولوجية او فيزيائية فحسب،بل ينظراليه كضاهرة مرتبطة بالثقافة. فكل ثقافة تكون القوالب الجسدية و الحركة الجسدية الخاصة بها،ولهذا السبب تعد الجسد ظاهرة ثقافية و لها علاقة مباشرة بالصيغة الثقافية.

كما توصل الباحث الي استنتاج اخر، الا وهو ان هناك فروقا بين المدارس الانثربولوجية حول الجسد، ففي حين تنظر كل من الانثربولوجيا الطبيعية و انثروبولوجيا الجريمة الي الانسان كنتاج جسده و علي عكس الانثربولوجيا

الثقافية و الاجتماعية، التى ترى الجسد كانتاج اجتماعي و ثقافي و ان البناء الاجتماعيي للجسد صورة مصغرة للبناء الاجتماعي للمجتمع، كما يرون ان العناصر الثقافية لها دور كبير في انتاج و تكوين الجسد.

ايضا الانثربولوجيا الدينية ترى الجسد موضوع يتاثر بالجوانب الروحية، و ان الدين له دور في تكوين مظاهر الجسد و الحركات الجسدية و حاول ان ينحنت اعتقاداته علي الجسد، من خلال تعابير و رموز دينية.

**پێشەكی:**

به پێچەوانەی کۆمەڵناسییەوە، ئەنسرۆپۆلۆجیا هەر لە سەرەتاوە بە جەستە دەستی پێکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی تیۆریی پەرەسەندن (Evolution Theoty ) ی زانای ئینگلیزی چارلس داروین، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.

چارلس داروین (١٨٠٩-١٨٨٢)،لەساڵی (١٨٥٩) کتێبەکەی (دەربارەی ڕەچەڵەکی جۆرەکان) بڵاو کردەوە، سەبارەت بە بنەچە و چۆنییەتی درووستبوون و پەرەسەندنی زیندەوەران لە رێگەی هەڵبژاردنی سرووشتیی و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی سرووشتی و مانەوەی باشترینەکان لە ململانێی سرووشتدا، هەر لەو کتێبەدا چۆنیەتی پەرەسەندنی زیندەوەرانی لە بوونەوەری سادە و ساکارەوە بۆ بوونەوەری ئاڵۆز باس کردووە. (داروین،٢٠٠٤: )

هەروەها لەکتێبی(دروستبونی مرۆڤ و هەڵبژاردنی ڕەگەز_١٨٩٧) بە ڕاشکاوی تێڕوانینی خۆی دەربارەی بنەڕەت و پەرەسەندنی مرۆڤ خستەڕوو، ئەو لە ڕێی توێژینەوەکەیەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە گیانلەبەرەکان لە زیندەوەری سادەوە بۆ بوونەوەری ئاڵۆزو پێشکەوتوو پەرەیان سەندووە،هەر لەو کتێبەدا  توانای عەقڵیی مرۆڤ و ئاژەڵانی دیکەی بە یەکتر بەراورد کردووە. (داروین،٢٠٠٥ : )

تیۆرییە بایۆلۆجییەکەی داروین نەك تەنیا لە سەر بایۆلۆجیا و زانستە سرووشتیەکان، بەڵکو لەسەر زانستە مرۆییەکانیش کاریگەری گەورەی بەجێ هێشت، بە تایبەتی دوای ئەوەی هێربێرت سپێنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣) پێشتگیریی تیۆرەکانی داروینی کرد کردیە بنەمای لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە، لە ئەنجامی ئەم کاریگەرییەشەوە بوو کە قوتابخانەی (داریونیزمی کۆمەڵایەتی) پێکهات کە خودی سپێنسەر ڕابەرایەتی دەکرد، ئەو کۆمەڵناسە جەختی لەوە دەکردەوە کە تیۆری پەرەسەندن بکرێتە بنەمای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لەمەڕ مرۆڤ و کۆمەڵگە، هەرچەندە بەر لە سپێنسەریش لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا ئاراستەی پەرەسەندن لە فیکری کۆمەڵایەتییدا هەبووە. (فکوهی،1381: ١٣٠ )

لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی وەسفی وەرگیراوە بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەمەبەستی گەیشتن بە زانیاریی راستو دروست سەبارەت بە ئەدەبیاتی ١٠٠ ساڵی رابردوی ئەنسرۆپۆلۆجیا لەبارەی جەستەوە، هەروەها سود لە میتۆدی بەراوردکاری وەرگیراوە بە ئامانجی بەراوردکردنی تێڕوانینی قوتابخانە ئەنسرۆپۆلۆجیەکان بە یەکتری.

**بابەتی توێژینەوەکە:**

پێشتر وا سەیری جەستە دەکرا کە تەنها دیاردەیەکی بایۆلۆژی بێت، بەڵام ئاراستەی تازە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا لە یەك کاتدا وەك دیاردەیەکی بایەلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئەنسرۆپۆلۆجی و دەرونی سەیری جەستە دەکات.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەنسرۆپۆلۆجیاوە جەستە یەکێك بوە لەو بابەتە سەرەکیانەی کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردوە.

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە روانگەی قوتابخانەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیا بۆ جەستەو وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری سەرەکی کە ئەمانەن:

١- لە مێژوی ئەنسرۆپۆلۆجیادا چۆن سەیری جەستە کراوە؟

٢- جیاوازی قوتابخانە ئەنسرۆپۆلۆجیەکان لە گەڵ یەکتری چییە سەبارەت بە جەستە؟.

**ووشە کلیلیەکان:** ئەنسرۆپۆلۆجیا، جەستە، داڕشتنی کولتووریی،بینای کۆمەڵایەتی جەستە

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگیەگەی لەوەدایە مێژوی گرنگیدان بە جەستەی لە ناو ئەدەبیاتی ئەنسرۆپۆلۆجیادا خستۆتەروو. کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوانەی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەگشتی و بواری ئەنسرۆپۆلۆجی بەتایبەتی کار دەکەن و هانیان دەدات کە توێژینەوەی زیاتر لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن. بەتایبەتی کە بۆ یەکەمجارە بە زمانی کوردی توێژینەوەی لەم جۆرە ئەنجام دەدرێت، هەروەها زانیاری نوێ لەم بارەیەوە بۆ کتێبخانەی کوردی زیاد دەکات.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. خستنەڕووی گرنگیدانی ئەنسرۆپۆلۆجیا بەجەستە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا هەفتاکانی سەدەی رابردوو.

٢. بەراوردکردنی تێڕوانینی قوتابخانەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیا بە یکتری لەبارەی جەستەوە

**ئەنسرۆپۆلۆجیای جەستە لە ڕوانگەی قوتابخانەکانیەوە**

**یەکەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای سروشتی:**

هەرچەندە هەردوو ئاراستەی (پەرەسەندن) و (سروشتی) لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا وەك دوو ئاراستەی جیاواز سەیردەکرێن، سەرباری ئەوە هەردووکیان لەو خاڵەدا کە باوەڕیان بە (پەرەسەندنی سرووشتی) هەیە، هاوبەشن، بەڵام (ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی ، کە ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەندامیشی پێ دەوترێت، بەر لە لقە زانستییەکانی دیکەی ئەنسرۆپۆلۆجیا بایەخی پەیداکرد.

ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتی، پێناسە دەکرێت بەو زانستەی کە "بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەك (race) و بایەلۆجیای مرۆیی دەدات." (هولتکراس، ١٩٧٢: ٥٧). یان ئەو زانستەیە کە بایەخ دەدات بە "لێکۆڵینەوەی خەسڵەتە بایەلۆجییەکانی مرۆڤ، لەڕووی ڕەنگ و شێوەی ڕووخسار و قەبارەی ئەندامەکانی جەستە و پۆلێنکردنیان و دیاریکردنی ڕەچەڵەکی مرۆڤ." هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات لە "مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە، سەر ڕای لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی ئەندامی مرۆڤ، لە چاخە کۆنەکانی مێژوودا." (شماس، ٢٠٠٤: ٦٧)

ئەنسرۆپۆلۆجیای سروشتی، سێ ئاراستەی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

١.ئاراستەی ڕەچەڵەکناسی کلاسیکیی: کە بریتییە لە پۆلێنکردنی دانیشتووانی سەر زەوی لەسەر بنەمای چەند خەسڵەتێکی جەستەیی ئاشکرا وەك درێژیی و کورتیی باڵا، ڕەنگی پێست و چاو و قژ و جۆری قژ. (دباغ و النوری، ١٩٨٣: ١٤).

زانای ئەڵمانی یۆهان (فرێدریك بلومینباخ ١٧٥٢-١٨٤٠) بەدامەزرێنەری ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتیی دادەنرێت، ئەو ڕەچەڵەکی مرۆڤی بۆ پێنج ڕەچەڵەکی سەرەکی پۆلێن کردووە: قەوقازی، مەغۆلی، ئەسیوبی، ئەمریکی، مەلاوی. (سلیم، ١٩٨١: ١٢).

ئەم پۆلێنەی بلومینباخ، تاکە پۆلێنکردنی ڕەچەڵەك نییە، بەڵکو بەر لەو و دوای ئەویش لە لایەن زانایانی بواری ڕەچەڵەکناسییەوە کۆمەڵێك پۆلێنی جیاواز بۆ مرۆڤ کراون، کە هەریەکەیان بنەمایەکی دیاریکراو و جیاوازیان هەیە.

٢ . ئاراستەی ئەنسرۆپۆلۆجیای پۆلێنکاری (پێوانەکردنی ئێسکەکان)، کە جەختی لە چەند بابەتێکی جەستەیی وەك پێوانەکردنی ئێسکەکان دەکات لە ڕووی کورتیی و درێژییەوە، هەروەها شێوە و قەبارەی کەللەسەر لەڕووی پانیی و درێژییەوە، هەروەها پێوانەی ئێسکەکانی ڕووخسار و ددانەکان.(دباغ و النوری،١٩٨٣: ٢٢).

3. ئاراستەی لێکۆڵینەوەی (بۆماوە و جینەکان) کە ئاراستەیەکی نوێی ئەنسرۆپۆلۆجیای سرووشتیی دادەنرێت، لە دوای پێشکەوتنی زانستیی و تەکنۆلۆجی و درووستکردنی تاقیگەی پێشکەوتوو هاتە ئاراوە کە هەڵدەستێت بە ناسینەوە و پۆلێنکردنی مرۆڤ لە ڕێگەی گروپی خوێن و جینەتیکەوە و لە خەسڵەتە ناوەکییە بۆماوەییەکان دەکۆڵێتەوە، وەکو لێکۆڵینەوەی کاریگەریی بۆماوە لە سەر ڕژێنی دەرەقی و هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان و کاریگەریی لەسەر ڕەفتار (دباغ و النوری، ١٩٨٣: ٣١).

لەم سالانەی دوایدا توێژینەوەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیای سروشتی ئاراستەی هەندێ بابەتی دیکەیان وەرگرت وەك پەیوەندیی ڕەچەڵەك بە( ژیریی، ڕەفتار، توانای بەرگریی لە نەخۆشی ، لێهاتوویی و توانا جەستەیی و عەقڵییەکان، تاوان). لە هەموو ئەم توێژینەوانەدا جەستە وەك ئێسکەپەیکەر، وەك قەبارە و چۆنییەتی کەللەی سەر و ئێسکەکان، هەروەها ڕەنگی ڕووخسار و قژ و چاو و لاوازیی و قەڵەویی و بالا و ڕێژەی موو لەسەر جەستە،ئامادەیی هەبووە، هەروەها بایەخی زۆر بە پەیوەندیی نێوان ژینگەی سرووشتیی و جەستە دراوە.

**دووەم:ئەنسرۆپۆلۆجیای تاوان:**

ئەنسرۆپۆلۆجیای تاوان،سەر بە دیدگای (حەتمییەتی بایۆلۆجییە) و تێزەکانی دەربارەی تاوان و کەسی تاوانبار نزیکە لە تێڕوانینی ئەنسرۆپۆلۆژیای فیزیکی و سرووشتییەوە، ئەم قوتابخانەیە تێزێکی تایبەتیی سەبارەت بە جەستە بە گشتی و جەستەی مرۆڤی تاوانبار بە تایبەتیی،خستەڕوو.

سیزاری لۆمبرۆزۆ.(1909 -1835) پزیشکی ئیتالی، بانگەشەکاری ئەم ئاراستەیە بوو. لۆمبرۆزۆ جەختی لەوە دەکردەوە کە تاوانباران خاوەنی هەندێك خەسڵەتی جەستەیی و بۆماوەیی دیاریکراون کە پاشماوەی دواکەوتنی گەشەی جەستەیی و ژیرییە لە مرۆڤی سەرەتاییدا، ئەو بیرۆکەیەشی لە کتێبی (مرۆڤی تاوانبار_١٨٨٥) بڵاکردەوە کە بەرهەمی توێکاریی ٣٨٣ تەرمی کەسانی تاوانبار بوو، دواتر توێژینەوەی لە سەر (٥٩٠٧) کەسی زیندووش کرد، پوختەی بیرۆکەکەشی بریتیی بوو لەوەی پەیوەندی لەنێوان هەندێك سیفاتی دیاریکراوی جەستەیی و خەسڵەتی دەروونیی و تاواندا هەیە، جەختی لەوەش کردەوە کە خاوەنانی هەندێك تایبەتمەندیی جەستەیی بە سروشت تاوانبارن، ئەوەشی دەگێڕایەوە بۆ مانەوەی هەندێك خەسڵەتی مرۆڤی سەرەتایی تیایاندا.

تیۆرییەکەی لۆمبرۆزۆ کەلێنی زانستیی گەورەی تێدابوو، هەربۆیە خۆشی ڕاڕا بوو لە بارەیەوە و بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنەکان پێنج جار دەستکاری کردووە و چاپی کردووەتەوە، لەهەر جارێکیشدا چاکسازی لە هەندێك بڕگەیدا کردووە.

ئەم ئاراستە ئەنسرۆپۆلۆژییە، دواتر بە توندی ڕەتکرایەوە و لایەنە نازانستیی و نێگەتیڤەکانی لەسەر کۆمەڵگە و کەرامەتی مرۆیی خرایە ڕوو، بەڵام دوای سەرهەڵدانی زانستی جینەتیک، ئەم قوتابخانەیە ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت و ئەوانەی لەژێر کاریگەری ئەم ئاراستەیە بوون باسیان لە ڕۆڵی لایەنی جینەتیکی دەکرد لە گوێزانەوەی هەندێك سیفاتی جەستەیی و ڕەفتاری مرۆڤ. (مارزانو،٢٠١١: ٨٦).

**سێیەم: ئەنسرۆپۆلۆژیای بونیادی وەزیفی:**

ئەم ئاراستەیە بەشدارییەکی گرنگی لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە جەستەدا کردووە، توێژینەوە و نووسینەکانی هەریەکە لە ڕۆبێرت هێرتز و مارسیل موس لە دیارترین کارەکانی سەر بەم ئاراستەیەن.

مارسیل موس (١٨٧٢- ١٩٥٠ )، خاوەنی دیارترین توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجییە کە لە سەرەتاکانی ئەم زانستەدا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بارەی ئەنسرۆپۆلۆجیای جەستەوە نووسرابێت، کە ئەویش وتارەکەیەتی بە ناونیشانی (تەکنیکی جەستە: ١٩٣٦).

موس لە سەرەتای ئەو وتارەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی لە (تەکنیکەکانی جەستە) چۆنییەتی بەکارهێنانی جەستەیە لە لایەن خەڵکییەوە بە شێوەیەکی کاریگەر و تەقلیدی، بە نموونە شێوازی ڕۆیشتن و مەلەکردن و هەموو جووڵە جەستەییەکانی دیکە کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن. هەروەها ئاماژەی بە تەکنیکە جەستەییە جیاوازەکان کردووە بە پێی (ڕەگەز، تەمەن، پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی).

پرسیاری سەرەکیی مارسیل موس، ئەوەیە هۆکارەکانی پشت دروستبوونی ئەم جووڵە جیاوازانە چیین؟. دەتوانین بڵێین مارسیل موس ئەو کەسەیە، بۆ یەکەمجار جەستە لە بایۆلۆجیا دەستێنێتەوە و لە ژێر ڕۆشنایی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکدانەوەی بۆ دەکات.

موس، بە ڕوونیی جەخت لە کاریگەریی فاکتەرە سۆسیۆلۆجییەکان لەسەر جەستە دەکاتەوە کاتێك دەنووسێت: "ڕەفتار لە (دەرەوە) نەك (ناوەوە) خۆی فەرز دەکات، ڕەفتار لە (سەرەوە) دێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەفتارە بایۆلۆجییەکی پەتیی و پەیوەستیش بێت بە جەستەوە. تاك، ئەو جووڵە جەستەییانەی ڕەفتار درووست دەکەن؛ لە کەسانی دیکە کە لەبەردەمیدان یان لەگەڵیدان،وەردەگرێت". هەروەها دەشنووسێت: "ئاراستەی جەستەیی تایبەت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە کە ئەو تەکنیکانە دروست دەکات و پێی دەوترێت خووەکانی جەستە (عادات الجسد)". (موس، ٢٠١٦: ١٦٧).

ئەو، وەکو زۆرێك لە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکانی دیکە سوودی زۆری لە تێبینییکردن ، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی وەرگرتووە و سەرنجی جیاوازییەکانی تەکنیکی جەستەی داوە لە کاتی مەلەکردندا لە نێوان دوو نەوەی دوو کۆمەڵگەی جیاوازدا، هەروەها سەرنجی تەکنیکی ڕۆیشتن و وەستان و دانیشتن و دەستجووڵاندنی داوە لە نێوان سەربازە فەرەنسی و بەریتانییەکان و بەشێکی زۆری تێڕوانینەکانی لەو سەرنجانەوە.

مارسیل موس، لە هەمان وتاردا، تەکنیکی جەستە دەبەستێتەوە بە چەمکی هابیتوس (Habitus ) ـەوە و پێی وایە ئەم چەمکە باشتر لە وشەی نەریت عادات و لێهاتوویی بەدەستهاتوو یان مەلەکە وەك بەهرەیەکی خودایی ئەم پرسە ڕوون دەکاتەوە، چونکە هابیتوس بە مانای (یادەوەری)ـی شاراوە دێت، کە تەنیا بەهۆی جیاوازیی کەسەکان و خواستەکانیانەوە دروست نابێت، بەڵکو بە هۆی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و شێوازی پەروەردە و ڕێکەوتن و ڕۆڵ و پێگەی کەسەکانیشەوە دروست دەبێت، بۆیە دەکرێت تەکنیکەکانی جەستە بە بەرەنجامی عەقڵی عەمەلی تاکەکەسیی و بەکۆمەڵ هەژمار بکرێت و کە توانای دووبارەبوونەوەیان هەیە. (موس،٢٠١٦: ١٧٠).

مارسـیل مـوس، لە بـارەی جەسـتە و تەکنیکەکـانی جەسـتە و لە بەرامـبەر تێڕوانینـی هەر سـێ ئاراسـتەی (سۆسیۆلۆجیی و سایکۆلۆجی و فیزیۆلۆجی) بۆ جووڵە و تەکنیکی جوڵە، دیدگایەکی نـوێ دەخـاتە ڕوو، کە بە بـڕوای ئەو دەتوانێت تەفسیری تەکنیکەکانی جووڵەی جەستەیی بکات، ئەوەش بە (دیدگای سێ ڕەهەنـدی بـۆ تەکنیکەکـانی جەستە)، یان دیدگای (مرۆڤی تەواوەتی) ناوزەد دەکات.

مارسیل موس بڕوای وایە ناکرێت تەنیا لە ژێر ڕۆشنایی بایۆلۆجیا و تێڕوانینی فیزیۆلۆجییدا سەیری تەکنیکەکانی جەستەیاخود جـووڵە جەسـتەییەکان بکەیـن، چـونکە ئەو کـاتە دەبـوایە جـووڵەی جەسـتەیی هاوشێوەمان هەبـوایە، هەروەها ناکرێت بە تەنیا وەك دیاردەیەکی سۆسیۆلۆجی ڕووتیش سەیری بکەین، چـونکە ئەو کـات لە لایەك ڕەهەنـدە فیزیۆلۆجییەکەی فەرامۆش دەکەین، لە لایەکی دیکەوە جیاوازیی تاکەکەسیش فەرامـۆش دەکەیـن، ناکرێـت بە تەنیـا بە دیاردەیەکی سایکۆلۆجییشـی دابنێـین، چـونکە ئەو کـات ڕەهەنـدە کـۆمەڵایەتییەکەی و پەیوەنـدیی بە پەروەردە و ئینتیما و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی و ئایینیی لە دەست دەدات.

لەروی کۆمەڵایەتیەوە کەسی خاوەن دەسەڵات و پێگە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردنی کردەوەیەکی ڕێکخراو و ڕێگەپێـدراو و جێگیـر بە نیسـبەتی ئەو کەسـەی کە لاسـایی دەکـاتەوە، بەڵام هەر لەم سـاتەوەختەدا ڕەگەزی سـایکۆلۆجیی و بـایۆلۆجی هاوتەریـب هەن لە کـردەی لاسـاییکردنەوەکەدا. بە شـێوەیەکی گشـتی هەر تەکنیکێکـی جەستەیی؛ مەرجدارە بە بوونی هەرسێ ڕەگەزەکە بە شـێوەیەکی بەیەکـداچو (متـداخل) لەگەڵ یەکتریـدا، کە توانـای جیاکردنەوە یـان دابڕانیـان لە یەکتـری نیـیە. ئەو، لەبـارەی ڕۆڵـی پەروەردە لە دروستکردنی تەکنیکەکـانی جەسـتەدا دەنووسـێت: "هەنـدێك منـداڵ خـاوەن توانـایەکی گەورەی لاسـاییکردنەوەن، بەڵام هەنـدێکی دیکەیـان ئەو توانـا گەورەیەیـان نیـیە. لاسـاییکردنەوەش لە سـەر بنەمـای هێـز وەسـتاوە، منـداڵ یـان هەرزەکـار؛ لاسـایی ڕەفتـاری سـەرکەوتووان دەکـاتەوە، بە تـایبەت ڕەفتـاری ئەوانەی منداڵەکە متمـانەی پێیـانە و دەسـەڵاتیان بەسـەریدا هەیە." (موس،٢٠١٦: ١٧٠-١٧١).

مارسیل موس؛ سەبارەت بە شێوازی جـووڵەی مـرۆڤ نووسـیویەتی: "مـرۆڤ بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی جـووڵەی جەسـتەیی ناکـات، بەڵکـو بە شـێوەیەکی ڕێکخـراو ئەو کـارە دەکـات، جـووڵەیەکی ئامانجـداری حسـاب بـۆکراوی ڕێگەپێـدراوی دووبـارە دەکـات کە لە ڕێـگەی فێربـوون و لاسـاییکردنەوەی ئەوانـی دیـکەوە بە دەسـتی هێنـاوە". لەم ڕوانگەیەوە موس جەخت لەوە دەکاتەوە کە شـتێك نیـیە بەنـاوی (ڕێـگەی سرووشـتی) یـان (تەکنیکـی سروشـتی) لە جووڵەی جەستەییدا بە تایبەتیی لای مرۆڤی پێگەیشتوو.

مارسیل موس هەر لەو لێکـۆڵینەوەیەدا ئامـاژە بە نمـوونەی ژنـانی گەلـی (مـاوری، لە نیوزلەنـدای نـوێ) دەکـات، کە جۆرێـك لە ڕۆشـتنیان لە لا پەسـەندە پێـی دەوترێـت ئۆنیـۆنی . (Onioni ) دایکـان منداڵانیان گـۆش دەکەن هەر لە منداڵییەوە بەو شێوازە بڕۆن، ئەگەر کچۆڵەیەك لە بیری بکات یـان گـوێی پـێ نەدات؛ دایکەکـان سەرزەنشـتیان دەکەن بەوەی کە لەباریاندا نییە بە شێوازی ئۆنیۆنی بڕۆن. (الحاجي، بدون سنه طبع:١٣).

موس، لە کۆتایی ئەو وتارەدا بەو ئەنجـامە گەیشـتووە کە "لە هەمـوو شـوێنێکدا لە بەردەم پێکهـاتەیەکی (فیزیـۆ-سایکۆسۆسیۆلۆجی) ڕەفتاردابن، ئەم ڕەفتـارانە تـا ڕادەیەکـی زۆر لە ژیـانی تـاك و مێـژووی کـۆمەڵگەکەدا ناسـراون." پێشی وایە بە هۆی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی و لە پێناوی ئەویشـدا، ئەو زنجیـرە ڕەفتـارانە لای تـاك درووسـت بـوون و مومارەسە دەکرێن. زۆر بە کورتییش دەیبڕێنێتەوە کە: "پێویستە لەسـەر هەمـوو تـاکێکی هەر کـۆمەڵگەیەك بزانێـت و فێر ببێت کە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا چ ڕەفتارێك دەکات." (موس، ٢٠١٦: ١٨٣).

**چوارەم: ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووری:**

دوای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەنسرۆپۆلۆژیای کولتووریی لەسەر دەستی (فرانز بواز،١٨٥٨-١٩٤٢) ئەنسرۆپۆلۆجیستی ئەمریکی بە ڕەگەز ئەڵمانی، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە جەستە ئاراستەیەکی دیکەیان وەرگرت، ئەگەر پێشتر ئەنسرۆپۆلۆجیای فیزیکی بایەخی بە جەستەی سرووشتیی و پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی جەستەی سرووشتی دابێت، ئەوا ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووریی بە شێوەیەکی تایبەت بایەخی بە جەستەی کولتووریی دەدا، ئەمەش بەئاشکرا لە لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیستەکانی قوتابخانەی کولتووری دەربارەی (کولتوور و کەسێتی) دەردەکەوێت، کە دواتر بوو بە ئاراستەیەکی تایبەت و هەندێکجار بە (ئەنسرۆپۆلۆجیای دەروونی)یش ناودەبرێت.

ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتووری، هەندێکجار بە ئاراستەی (مێژوویی-دەروونی)یش ناودەبرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی خوێندکارانی بواز، لەوانەش (ئالفرێد کروبەر ١٨٧٦-١٩٦٠) و (کلارك ویسلەر -١٨٧٠-١٩٤٧)، لە لێکۆڵینەوەی کولتووردا بە ئاراستەی (مێژوویی-بەشەکی)یدا ڕۆشتن، بەڵام (ڕۆس بەنەدیکت، ئێدوارد ساپیر، مارگرێت مید، کلاید کلاکهون، ئەبراهام گاردنەر) بە ئاراستەی دەروونییدا کارەکانیان بەرهەم هێنا.

قوتابخانەی (کولتوور و کەسێتی)، بە شێوەیەکی گشتیی و بە دوو ئاراستەی جیاوازدا جەخت لە پەیوەندیی نێوان کەسێتیی و کولتوور دەکاتەوە، ئاراستەیەکیان بریتییە لە کاریگەریی کولتوور لەسەر کەسێتی، ئاراستەکەی دیکەشیان بە پێچەوانەوە کاریگەریی کەسێتییە لەسەر کولتوور، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکانی ئەم قوتابخانەیە بایەخیان دا بە جۆرە بنەڕەتییەکانی کەسێتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. (شماس،٢٠٠٤: ٧١).

کەسێتی چوار لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە: جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتیی و عەقڵی، کولتوور بە بەرپرسیاری سەرەکی دادەنرێت لە ڕێکخستنی بەشێکی گەورەی کەسێتی، لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەکولتووریکردن (Enculturation ) ەوە.(الزینی،١٩٧٤: ٨٠)

کولتور، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر لایەنی هەڵچوون و عەقڵی کۆمەڵایەتی هەیە و بە هەمان شێوە لەسەر لایەنی جەستەیی تاکەکانیش کاریگەری بەرچاوی هەیە، بۆ نموونە لای چەند چینێکی کۆمەڵگەی چینی، هەر لە منداڵییەوە پێڵاوی تەسك دەکەنە پێی منداڵی کچ بۆ ئەوەی پێیەکانی گەورە نەبن، چونکە پێیانوایە پێی بچووك جوانی بە کچەکە دەبەخشێت و دەشیکاتە خاوەن ڕۆشتنێکی تایبەت. (شماس، ٢٠٠٤: ٨١)

ڕۆس بەنەدیکت (١٨٨٧-١٩٤٨)، پێی وایە کارێکی زەحمەتە بە تەنیا لەڕێگەی لێکدانەوەی مێژووییەوە بتوانین لە کولتوور بکۆڵینەوە، چونکە ئەوەی پێی دەوترێت (سیمای کولتووریی) تێکەڵەیە لە ئەزموونی مێژوویی و سایکۆلۆجی لە ژینگەیەکی دیاریکراودا. بەنەدیکت لە کتێبی (جۆرەکانی کولتوور: ١٩٣٤) ئاماژە دەکات بەوەی پێویستە وەکو کۆیەك یان یەك کوتلەی یەکانگیر، سەیری کولتوور بکەین، چونکە بەبڕوای ئەو هەموو کولتوورێك جەخت لە بنەمایەکی بنەڕەتی یان تەوەرێکی سەرەکی دەکاتەوە کە لە دواجاردا شێوەیەکی تایبەت و جیاواز دەبەخشێت بەو کولتوورە لە چاو کولتوورەکانی دیکە، ئەمەشی ناو ناوە (داڕشتەی کولتووریی).هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندیی لە نێوان (داڕشتەی کولتووری) و خەسڵەتەکانی کەسایەتیدا هەیە. (فهیم،١٩٩٠: ١٣٩-١٤٠)

ڕۆس بەنەدیکت، پێشی وایە کە هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی قاڵبێکی کولتووری تایبەت بە خۆیەتی، کەسێتیی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیانەدا دەچێتە چوارچێوەی ئەو قاڵبانەوە، واتە کۆمەڵگە کەسایەتیی تاکەکانی دادەڕێژێت بە پێی ئەو قاڵبە کولتوورییەی هەیەتی، هەر قاڵبێکی کولتووریش جەخت لە کۆمەڵێك بنەما و چەمك و مانا دەکاتەوە، کە دواجار دەبنە خەسڵەتی سەرەکی ئەو کولتوورە.

ئەوەی داڕشتە کولتووریەی ڕۆس بەندیکت جەختی لێدەکرد وەك چۆن قاڵبی تایبەتی هەیە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی تاکەکانی بەهەمان شێوەش خاوەنی قاڵبی تایبەتییە بۆ جەستە و جوڵەیی جەستەیی تاکەکان و لەو ڕێگەیەشەوە کاریگەری هەیە لەسەر جەستە و جوڵەی جەستەیی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك.

مارگرێت مید (M Mead :1901- 1978) ، بە یەکێك لە ئەنسرۆپۆلۆجیستە هەرە دیارەکان هەژمار دەکرێت، کە ڕۆڵی گەورەی لە گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە "جەستە"دا هەبووە لە گۆشەنیگای زانستی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە، دەتوانرێت بوترێت لە بەشی زۆری کارەکانیدا جەستە بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەیە.

مید لە کتێبی (هەرزەکاریی لە ساموا ١٩٢٨-)، کە یەکێکە لە کتێبە بایەخدار و بەناوبانگەکانی، ئاماژە دەکات بە دیاردەی شڵەژانی کەسێتی لە تەمەنی هەرزەکارییدا و پێی وایە دیاردەیەکی گشتی نییە لەو تەمەنەدا (وەك ئەوەی دەروونناسەکان خستوویانەتە ڕوو)، بەڵکو ئەو شڵەژانە پەیوەندیی بە شێوازی پەروەردەوە هەیە، بەڵگەشی بۆ ئەمە کچۆڵەکانی دوورگەی ساموایە لە پۆلۆنیزی، کە لە تەمەنی هەرزەکارییدا بەو شڵەژانە دەرونییەدا تێناپەڕن کە کچانی هەرزەکاری کۆمەڵگەی ئەمریکی پێیدا تێپەدەپەڕن، چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا ئەو قەدەغە سێکسیانە بونی نییە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکی دا بوونی هەیە. (فکوهی،١٣٨١: ٢٠٦). بە بڕوای مید، ئەو شڵەژانە دەروونییانە لە تەمەنی هەرزەکارییدا پەیوەندیی بە کۆمەڵگە و کولتوورەوە هەیە نەك گۆڕانی بایۆلۆجی تاکەکان لەو تەمەنەدا.

مارگرێت مید، لە دووەم کتێبیدا بە ناونیشانی (میزاجی بالینییەکان)، کە ساڵی ١٩٤٢ بڵاو کراوەتەوە و کارێکی هاوبەشە لەگەڵ (جۆرجی باتیسون)، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیی کردووە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سەدان وێنەی فۆتۆگرافی ژنان و پیاوان لە دورگەی بالی، لە کاتی جوڵە و کارلێکەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا و سەرجەمی وێنەکانیش لە ساڵانی (١٩٢٨-١٩٣٦) گیراون. دەکرێت بوترێت ئەم کارەی میدو هاوڕێکەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەسنۆلۆجییە بۆ تۆمارکردنی ژیانی ڕۆژانەی بالینییەکان لە ڕێگەی فۆتۆی جووڵە و ئاماژە جەستەییەکان و شیکردنەوەیان. (لوبروتون،٢٠١٤: ٤٤-٤٥)

مارگرێت مید، کتێبی سێیەمی بە ناونیشانی (نێر و مێ، لێکۆڵینەوەی سێکس لە جیهانێکی گۆڕاودا: -١٩٤٨)، ئەمەش دیسان دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی جەستەییەوە و کتێبێکە لەبارەی ناسنامەی جێندەرییەوە. لەوێدا مید تێزێکی فێمینستانە سەبارەت بە نێر و مێ پێشکەش دەکات، پێشی وایە (نێرینەیی و مێینەیی) دیاردەیەکی بایۆلۆژی نیین، بەڵکو دروستکراون و بەرهەمی کولتوریین و کاریگەریی لەسەر شکڵگرتنی کەسێتی (ژن) و (پیاو) هەیە.

مارگریت مید، ژنێتیی و پیاوەتی، بە بەرهەمی شێوازی پەروەردە دادەنێت نەك دوو پێگەی فیزیکی لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان، پێشی وایە پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵگە بە ناوی (ژنانە) و (پیاوانە)، خەسڵەتی فیکریی و ڕەفتاریی دەگوێزنەوە بۆ تاکەکان، ئەمەش هەمان ئەو تێزەیە دواتر سیمۆن دوبوڤوار (١٩٠٨-١٩٨٦)، ژنەفەیلەسوفی فەڕەنسی، لە کتێبی (ڕەگەزی دووەم:-١٩٤٩) جەختی لێکردەوە و ڕستە بەناوبانگەکەی نووسی: (هیچ ژنێك، بە ژنێتی لە داییك نابێت، بەڵکو دواتر دەبێتە ژن). (فکوهی: ١٣٨١، ٢٠٧)

مارگرێت مید، لە تێزەکەیدا سەبارەت بە ناسنامەی ژن و پیاو، پشتی بە کاری مەیدانی و لێکۆڵینەوەی سێ کۆمەڵگەی خۆجێی لە (غینیای نوێ) بەستووە، ئەو سێ کۆمەڵگەیە سێ نموونەی جیاوازییان لەبارەی پەیوەندییەکانی ژنومێردەوە تێدا بەدی کراوە، کە بریتیین لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکانی ئارپش (Arpsh ) ، موندوگۆمۆر (Mundugomor )و چامبلولی (Chambluli ) بوون.

ئاریش، لە ژینگەیەکی کوێستانیی نەگونجاو بۆ کشتوکاڵدا دەژیان و ژیانیان دژوار بوو، خاوەنی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی بوون کە تێیدا ژن و پیاو یەکسان بوون، هەردوو ڕەگەزەکە کەسانی ئارام، گونجاو، هەستەوەر و پەیوەست بوون بە یەکدییەوە، لە پەروەردەی منداڵاندا توندوتیژ نەبوون و جیاوازییان لە نێوان نێر و مێدا نەکردووە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی ئەوروپاییەوە، کە لەسەر بنەمای (هێمنیی و نەرمونیانی) ڕەگەزی مێ و (توانا و توندوتیژی)ـی ڕەگەزی نێر دامەزراوە.

موندوگۆمۆر، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بوو و لە ناوچەیەکی گونجاو و زەوییەکی بەپیت و دەوڵەمەنددا دەژیان. ڕەفتاری هەردوو ڕەگەزەکەی ئەم کۆمەڵگەیە زۆر هاوشێوە بوون، بەڵام ئەم لەیەکچوونە بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی یەکەمەوە بوو، چونکە دایبابەکان بە شێوازی توندوتیژانە منداڵنیان پەروەردە دەکەن، دواتر ئەم توندوتیژیەش بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکەوە دەردەکەوت، بە جۆرێك کە ژن و پیاو هەموویان توندوتیژن، کەسانی خۆپەرست و بێ هەست و سۆزن و پەیوەندیی نێوانیان لەسەر دژایەتیی و ململانێ دامەزراوە، بەرامبەر بە نمونەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، لەم کۆمەڵگەیەدا هەردوو ڕەگەزەکە لەسەر نموونەی توندوتیژیی ڕەگەزی نێر پەروەردە دەکرێن.

چامبلوولی-یش، کۆمەڵگەیەکی بیابانشینن و بە پێچەوانەی دوو کۆمەڵگەکەی ترەوە جیاوازی لە نێوان نموونەی کەسایەتیی ژن و پیاودا هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە بە تەواوی پێچەوانەی نموونەی ڕۆژئاواییە بۆ ژن و پیاو، بە جۆرێك کە پیاوانی چامبلوولی، کەسانی هەستەوەر و نەرمن، زۆربەی کات لە ماڵەوە دەمێننەوە و کاروبارەکانی ماڵ بەڕێوەدەبەن، لە کاتێکدا ژنانی چامبلوول سەربەخۆترن، بە تەنگ ڕووخسار و ئارایشتەوە نیین، زۆرترین چالاکییان لە دەرەوەی ماڵە و هەستی ململانێ و حەسادەت لە نێوان ژناندا هەیە.

لە بەرامبەر ئەم سێ کۆمەڵگەیەدا، سێ نموونەی جیاوازمان لە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرومێ هەن، لە نموونەی یەکەم و (بە پێی نموونەی خۆرئاوایی) ژن و پیاو تایبەتمەندی (ژنانە)یان هەیە، لە نموونەی دووەمدا (بە هەمان پێوەری خۆرئاوایی) ژن و پیاو تایبەتمەندی (پیاوانە)یان هەیە، لە نموونەی سێیەمدا (ڕێك بە پێچەوانەی نموونە خۆرئاواییەکەوە)، کەسێتی پیاوان (نەرم و ناسك)ـن و ژنانیش (توندوتیژ)ن. (فکوهی،1381: ٢٠٧-206).

**پێنجەم:ئەنسرۆپۆلۆجیای ئایینی:**

ئێمیل دۆرکهایم بە بناغەدانەری دیدگای ئەنسرۆپۆلۆژیای ئایینی جەستە دادەنرێت، دۆرکهایم کە زۆرتر وەك زانایەکی کۆمەڵناسی ناسراوە، بەڵام کتێبە بە ناوبانگەکەی (فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئایینی-١٩١٢)، نزیکترە لە کارێکی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە تا سۆسیۆلۆجی. دۆرکهایم، لەو کتێبەیدا لە گۆشەنیگایەکی بونیادیی وەزیفییەوە باس لەکاریگەریی ئایین دەکات لەسەر کۆمەڵگە و لەو چوارچێوەیەشدا بابەتی ئایین و جەستەی شیکردۆتەوە. لە دیدی دۆرکهایمدا ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە وەزیفەکەی بریتییە لە بەهێزکردنی هاوبەندیی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەگرێدانی ئەندامانی کۆمەڵگە.

دۆرکهایم لە باسکردنی ئاییندا کەمتر لەسەر بیروباوەڕی ئایینی دەوەستێت و زۆرتر بایەخ بە سرووتی ئایینی دەدات، کە بریتییە لە کۆبونەوەی ئایندارەکان لە دەوری تەوتەمێکی پیرۆز یان ئەو کۆبوونەوە و بۆنە ئاینیانەیە کە ئاییندارەکان بەشداری تێدا دەکەن و بە هۆیەوە هاوبەندی لە نێوانیاندا دروست دەبێت. (الوكیلی: ٢٠١٥: ٨٢)

دۆرکهایم ڕوونی دەکاتەوە کە ئایین ماناکانی خۆی لەسەر جەستەی ئەندامەکانی هەڵدەکۆڵێت لە ڕێگەی خاڵکوتان یان زیادکردن و کەمکردن و دەستکارییکردنی هەندێك ئەندامی جەستە بە جۆرێك کە جەستە لە جەستەیەکی سرووشتییەوە بۆ جەستەیەکی سیمبولی دەگۆڕێت، کە مانا و ئاماژەی تایبەتیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەو هۆیەشەوە

جەستە لەبری ئەوەی جەستەیەکی تاکەکەسی بێت، دەبێتە جەستەیەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی هەڵگری هەمان هێما و ئاماژە.

لە سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایمدا، ڕۆح یان بابەتی ڕۆحی لە بەرامبەر چەمکی کۆمەڵایەتییدایە، واتە بابەتە ڕۆحییەکان گوزارشتن لەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگادا هەیە و سەرەوە و خوارەوە، پاك و پیس، گەورە و بچووك، باش و خراپ دیاری دەکەن. ئەو پێی وایە ئایین بەرزترین ئاستی بەکۆمەڵایەتیبوون و مەعریفەیە لە کۆمەڵگەی نەریتییدا، خوداش هیچ نییە جگە لە کۆمەڵگە خۆی.

لە بەرامبەر ڕۆحدا جەستە هەیە، جەستە ئاماژەیە بۆ تاکێکی ئەندامیی کە خاوەنی غەریزە و حەز و خولیای کەسیی خۆیەتی و پاڵی پێوەدەنێت بەرەو خۆپەرستیی و خۆپەسەندی، لە کاتێکدا ڕۆح بۆ هاوبەشیی و هاوبەندیی و هەستکردن بە یەکدی هانی دەدات. بە مانایەکی دیکە جەستە شوێنی ململانێی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، دواهەمین قەڵای مرۆڤە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە، بەڵام کۆمەڵگە لە توانایدایە لەڕێگەی ئایینەوە ئەو قەڵایە بگرێت و کۆنترۆڵی بکات، ڕامی بکات و بیکاتەوە بە کۆمەڵایەتی، زیاتر لەوەش مۆری خۆی لەسەر هەڵدەکۆڵێت و هێما و سیمبولەکانی خۆی لەسەر دەنەخشێنێت بۆ ئەوەی ببێتە جەستەیەکی کۆمەڵایەتی. (لیمان ، ٢٠١٣: ١٣٦-١٣٩)

ڕۆبێرت هێرتز، ئەنسرۆپۆلۆجی فەرەنسی و خوێندکاری دۆرکهایم، ساڵی ١٩٠٩ وتارێکی بە ناونیشانی (بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست) بڵاوکردەوە، لەوێدا ئەو پرسیارەی ورووژاند کە "ئایا بەکارهێنانی زیاتری دەستی ڕاست لە کۆمەڵگەی مرۆییدا وەك حاڵەتێکی باو بابەتێکی فسیۆلۆجییە یان کۆمەڵایەتی؟. "

هێرتز، لە وتارەکەیدا ڕەخنەی لە دیدگای توێکاریی گرت کە کارایی دەستی ڕاستیان لە مرۆڤدا دەگێڕایەوە بۆ گەشەی زیاتر نیوەی لای چەپی مێشك کە بە شێوەیەکی فیزیۆلۆجی کاردەکات لە سەر جوڵانی ماسولکەکانی لای ڕاست، ئەو دەڵێت زۆرینەی خەڵك ڕاستەن، ژمارەیەکی کەم نەبێت چەپەن (کە ڕێژەیان لە ٢% تێپەڕ ناکات)، بەڵام لەنێو ئەوانەی ڕاستەن، بەشێکی زۆر کەمیان نەبێت، ئەوانی دیکە دەتوانن هەمان کارەکانی دەستی ڕاست بە دەستی چەپیش بکەن ئەگەر بیانەوێت. (لوبروتون،٢٠١٤: ٢٩).

هێرتز، پێی وابووە بەکارهێنانی دەستی ڕاست بەو ڕێژە زۆرە، ئەگەر کاریگەرییەکی دەرەکییش لەسەر جەستە نەبێت و هانی نەدات، بە تەنیا بە هۆی لایەنە فیزیۆلۆجیەکەیەوە نییە، ئەو کاریگەرییە دەرەکییەش لە هاندانی مەعنەویی و ئەو مانایانەی کە کۆمەڵگە بە دەستی ڕاستی بەخشیوە؛ بەرجەستە دەبێت. چەپ لە کولتوری زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا، هێمایە بۆ (لادان، فێڵ، ناشرین، خراپە)، ڕاستیش سیمبولی (بەرزیی، جوانی، پاکی، خێرۆمەندی، ئاشتی، گەورەیی، بەردەوامیی و ئازایەتی)ـیە، ئاین لە ڕێگەی تێزەکانی پیرۆزی (مقدس) و ناپیرۆز (مدنس) و هاوشانی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی هەرەکاریگەر و سێنترالی هەیە. هێرتز پێی وایە ئەم بنەما ئەنسرۆپۆلۆجییەیە وا دەکات دەستی ڕاست وەك بەشێك لە جەستە پلەیەکی باڵاتری لە دەستی چەپ هەبێت، لە کاتێکدا بەکارهێنانی دەستی چەپ لە هەندێك پیشەدا کارایی لە دەستی ڕاست زیاترە، یان لانیکەم ئەوانەی دەتوانن هەردوو دەستەکەیان وەك یەك بەکاربهێنن کارایی و لێهاتوویان زیاترە. (351 -350 :HERTZ,2013 )

ماری دۆگلاس (١٩٢١-٢٠٠٧)، خانمە ئەنسرۆپۆلۆجیستی بریتانی، یەکێکی دیکەیە لەو ئەنسرۆپۆلۆجیستە ئایینییانەی لە بارەی جەستەوە توێژینەوەی بایەخداریان هەیە، ماری لە هەردوو کتێبی (مەترسی و پاکژیی: ١٩٦٦) و (سیمبولە سرووشتییەکان: ١٩٧٠) بیروبۆچوونەکانی خۆی لە بارەی جەستەوە خستە ڕوو.

ماری وەك میتافۆرێك لە جەستە دەڕوانێت، کە لە ڕێیەوە کۆمەڵگە خۆی نمایش دەکات، پێشی وایە وێنەی جەستە وێنەیەکی تەواو ئامادەی کۆمەڵگەیە  (Dougl as : 1970: 98 ) و جەستە لە توانایدایە یان ڕاستتر بڵێین ئامادەیە بۆ ئەوەی وەڵامی بیروڕاکانی کۆمەڵگە بداتەوە. هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی سیستمێکە کە لەڕێیەوە پۆلێنی پێکهاتەکانی دەوروبەری بە کردار و قسە و هەڵوێست و بیرکردنەوە و هەڵچوون و شتە مادییەکانی دەوروبەری دەکات بۆ پاك و پیس، باش و خراپ و حەڵاڵ و حەرام.

ماری، پێشی وایە هیچ شتێك بۆ خۆی و لە خۆیدا پیس یان پاك نییە، بەڵکو پاك و پیس ئاماژەیە بۆ سیستمێکی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری کە هەر سیستمێك تایبەت بە خۆی دروستی کردووە. (Douglas : 1970: 12 ) .

ئایین لەم پرۆسێسەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، ئەگەر فاکتەری سەرەکی نەبێت ئەوا لە فاکتەرە گرنگەکانە بە تایبەتی لە کۆمەڵگە نەریتییەکانا، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، زانست جێگەی ئایینی گرتووەتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر زانست ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات، یەکێکیش لەو بابەتانەی ئەم پۆلێنەکردنەی زۆر بە وردیی بەسەردا پیادە دەکرێت جەستەیە، لە هەموو ڕووەکانەوە: کردار، سیما، ئاماژە و جووڵە جەستەییەکانیش.

بەکارهێنانی سەمبولیکانەی جەستە یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی سیستم کە لەڕێگەیەوە ماناکانی خۆی پەخش دەکات، کە لە لایەك پەیوەندیی نێوان تاکەکان، و لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندی نێوان تاك و گرووپەکان ڕێك دەخات. (Douglas, 1966: 35 ) .

ماری دۆگلاس لە کتێبی (مەترسیی و پاکژی) ئاماژە بەوە دەدات جەستە مۆدیلێکە و ئاماژەیە بۆ سیستمێکی دیاریکراوی خاوەن سنوور، ئەم سنوورە بە هەمیشەیی لەژێر هەڕەشەی ئەوانی دیکەدایە. سنووری جەستە ئاماژەیە بەو سنوورە کولتوورییەی کە لەژێر هەڕەشە و مەترسییدایە لە لایەن ئەوانی دیکەوە. (دوغلاس: ۱۹۹۵، ۲۰۰). پێشی وایە تەنانەت ئەو کاتەی کە سنوورە کولتوورییەکانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە و ناسنامەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە، جەستە توانای بەرگرییکردنی بەرامبەر هەڕەشەکان زۆرتر دەبێت و زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر سنوورە کولتوورییەکەی خۆی و پارێزگارییکردن و بە پاکژهێشتنەوەی جەستە. (شلنج، ۲۰۰۹: ۱۰۷).

دیسانەوە لە کتێبی (مەترسیی و پاکژی)یدا ئاماژە دەدات بەوەی خواردن و بابەتی پاکژی (پاکژی جەستەیی)، لە دیاریکردنی سنووری گرووپە ئایینییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە جەستە سەنتەری هەموو ئەو شتانەیە کە دێنە ناو کۆمەڵگە و لێشی دەردەچن. ماری وای دەبینێت جەستە سیمبولێکە نیشانی دەدات کە چۆن کۆمەڵگە دەتوانێت لەڕێگەیەوە خۆی نمایش بکات، یاخود لە بەرامبەر کاریگەرییە دەرەکییەکان خۆی بپارێزێت.(زکائی و پور،۱۳۹۱: ۷۳ )

لەدیدی ماری دۆگلاسدا، لە جەستە و دەرهاویشتەکانی تێناگەین، ئەگەر وەکو ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵگە سەیری نەکەین، واتە وێناکردنی جەستە وەك ئەوەی وێنەیەکی بچووکی کۆمەڵگە بێت و بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی بەسەردا جێبەجێ ببێت. (دوغلاس، ۱۹۹۵: ۲۰۰ )

**دەرئەنجام:**

۱. دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی لە سەرتای سەرهەڵدانیدا، ئەنسرۆپۆلۆجیا لە ژێر کاریگەریی تیۆریەکانی بواری بایۆلۆجیدا بووە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە مرۆڤ بەرهەمی جەستەی خۆیەتی، بەو مانایەی تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکانی کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەفتارەکانی و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەشی ئەنسرۆپۆلۆژیای فیزیکی و تاوان سەر بەم قۆناغەی ئەنسرۆپۆلۆژیان

٢.	له قۆناغی دواتردا له ژێر كاریگەری ئاراستەی بونیـادی وەزیفییـدا، كۆمەڵێـك تیـۆریی ئەنسـرۆپۆلۆجی سـەر هەڵدەدەن كه سیما و دیارده جەستەییەكان له ژێر كاریگەریی بونیـادی كۆمەڵگـادا شـی دەكەنەوە، هەریەك له مارسـیل موس و میشێل فۆكۆ سەر بەم ئاراستەیەن.

كاتێك ئەنسرۆپۆلۆجیای كولتووری گەشە دەكات، كۆمەڵێك شیكردنەوەی ئەنسـرۆپۆلۆجیی دەبینـین كه جەخـت له كاریگەری ڕەگەزە كولتوورییەكان دەكەنەوە له بەرهەمهێنانی فۆرمی دیاریكراوی جەستەییدا.

٣.	له ژێر كاریگەری ئاراستەی فینۆمینۆلـۆجیی و سیمبولناسـییدا، كۆمەڵێـك تێـزی ئەنسـرۆپۆلۆجی دامەزران كه جەختیان له كاریگەریی سیمبول و ماناكان دەكردەوه له بەرهەهێنانی جەستەدا، هەروەهـا جەختیـان لەوە كـردەوه كه لەوانەیە جەسته بۆ خۆی گونجاوترین میكانیزم بێت بۆ بەرهەمهێنانی سیمبول و مانای نوێ له كۆمەڵگەدا.

٤.	ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاینی وا سەیری جەسته دەكات كه بابەتێكه بۆ دەركەوتنی هێماو سیمبوله ئاینیەكان و ئاین و بیرو باوەڕ له تواناكانیاندا هەیه سیمبو لو هێماكانی خۆیان لەسەر جەسته هەڵبكۆڵن و جوڵه جەستەیەكانیش سـنوردار بكەن به تایبەتی لەكانی بەڕێوەچونی سروتەكاندا.

٥.	قوتابخــانەی ئەنســرۆپۆلۆجیای سروشـتی و تـاوان زیــاتر جەخـت لەجەسـتەدەكەنەوە وەك دیــاردەیەكی بەیەلیۆجی و مرۆڤ وەك بەرهەمی جەستەی تەماشا دەكەن.بەڵام قوتابخـانەی بونیـادی وەزیفـی وا سـەیری جەسـته دەكـات كه دیـاردەیەكی كـۆمەڵایەتیەو رەنگـدانەوەی بونیـادی كۆمەڵگـایه و بەپێـی وەزیـفەی كـۆمەڵایەتی سـیما جەستەیەكان و جوڵه جەستەیەكان شكڵ دەگرن.

هەروەها قوتابخانەی كولتووری وەك دیاردەیەكی كولتـووری سـەیری جەسـته دەكـات كه لەژێـر كـاریگەری رەگەزه كولتووریەكاندان و هەموو كولتورێكی تایبەت قاڵبی جەستەیی تـایبەت بەخـۆی هەیه له چوارچێـوەی ئەو كلتـوردەدا جەستەی تاكەكانی دادەڕێژێت. هەرچی ئەنسرۆپۆلۆجیای ئاینییه گرنگی داوه به كاریگەری بیروبـاوەڕ لەسـەر جەسـته و ئەو سیمبوله ئایتیانەی لەسەر جەسته دەردەكەون لەرێگەی زیادكرن یان كەمكردنەوە.

**سەرچاوەكان:**


یەكەم: سەچاوه عەرەبیی

١.	تقي و نوري،الدباغ و القيس،علم الانسان الطبيعي،جامعة بغداد، ١٩٨٣
٢.	الحاجي، هاشم،الجسد بين الشرق و الغرب، منشورات الزمن، رباط،٢٠٠٠
٣.	الزينى ، محمود محمد، سايكولوجية الشخصية،دار المعارف، القاهرة،١٩٧٤
٤.	داروين، تشالز،اصل الانواع،ت: مجدي محمود المليجي، مجلس الاعلى للثقافة، ، القاهره،2004
٥.	داروين،تشارلز،نشاة الانسان،ت: مجدي محمد مليجي، مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة ٢٠٠٥
٦.	دوغلاس، ماري،الطهر و الخطر،دار المدى للثقافة و النشر، دمشق،،١٩٩٥
٧.	سليم، شاكر مصطفى،قاموس الانثربولوجيا،جامعة الكويت، الكويت،١٩٨١
٨.	الشماس،عيسى،مدخل الى الانثربولوجيا،اتحاد كتاب العرب، دمشق،٢٠٠٤
٩.	شلنج،كريس، الجسد و النظرية الاجتماعية،دار العين للنشر، الاسكندرية،٢٠٠٩
١٠.	فهيم،حسين،قصة الانثروبولوجيا،عالم المعرفة،كويت،١٩٩١
١١.	لوبروتون،دافيد،سوسيولوجيا الجسد،ت: عياد ابلال و ادريس المحمدي،دار الروافد، القاهرة، ٢٠١٤

١٢. ليمان،جنيفر،م.تفكيك دوركهايم، ت:محمود احمدعبدالله، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٣
١٣. مارزانو، ميشيلا،فلسفة الجسد،ت:نبيل ابو صعب، مؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيروت، ٢٠١١
١٤. موس، مارسيل،تراث الانثروبولوجيا الفرنسية، مؤسسة مؤمنون بلا حدود،رباط،٢٠١٦
١٥. هولتكراس،ايكة،قاموس المصطلحات الاثنولوجيا و الفوكلور،ت: د.محمد الجوهري و حسن السياحي، دار المعارف ،القاهرة،١٩٧٢
١٦. وكيلي، يونس، الدين و المجتمع و النظرية المعرفة،مؤسسة مؤمنون بلاحدود، رباط،٢٠١٥

دووەم: سەرچاوەی فارسیی:

١.زكائي و پور، محمد سعيد و مريم امين،در امدى بر تاريخ فرهنگى بدن در ايران، انتشارات تيسا، تهران ١٣٩١
٢.فكوهي،ناصر،تاريخ انديشه و نضريه انسان شناسي،انتشارات ني،تهران،١٣٨١

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی**

1. HERTZ, Robert, The pre-eminence of the right hand, Journal of Ethnographic Theory 3 (2), 2013
2. douglas,mary,purity and danger,routledge,london,2002